

## ماركسیزم و سۆشیالیزم له كوردستان
## له كەنارەوە بۆ سەنتەری مەیدانی سیاسی

سامان سعید
samansaed@gmail.com

**سەرەتا ئەم ووتارەم بۆ یادی ماركس نووسی ، بەلام بەهۆی سەرقالیم نەم توانی لە كاتی خوی دا بلاوی بكەمەوە ئیستا بەشیوەیەكی پوخت تر بلاوی دەكەمەوە.**

رۆژی 14 ئازاری هەموو سالیك چەپە ماركسیستەكانی سەرتاسەری دنیا یادی مەرگی كارل ماركس دامەزرینەرو رابەری سۆسیالیزمی زانستی بەرز رادەگرن . رۆشن كردنەوەی ریگای خەباتی پرۆلیتاریای جیهانی و هەموو چینە چەوساوەو بێ بەشەكانی دنیا و رابەرایەتی كردنی ئەم خەباتە بۆ بەسەرەنجام گەیاندن شۆرشی سۆسیالیستی وبەدیهینانی دنیایەكی ئازاد و یەكسان، كارو هەلسورانی بێ دریغی ماركس بوو تا ئەو ساتە وەختەی بۆ یەكجاری مالئاوایی لە ژیان كرد.میراتییك لە تیئۆر و پراكتیكی رۆشنگەرانە كەلەپاش خۆی بە جیێ هیشت . ئەو شەرەفەی پێ بەخشی كە سۆشیالیزمی دوای ئەو دەستەواژەی ماركسیزم(وەك زانستیكی كۆمەلایەتی) لە پال ووشەی سۆشیالیزمدا بەكار ببەن ، نیشانی بدەن كە بۆ بەسەرەنجام گەیاندنی شۆرشی سۆشیالیستی ریبازێك كە ماركس داریژەرو بنیاتنەری بوو( ماركسیسم) بەدەستەوە ئەگرن ، و فەخر بكەن بەوەی لە كۆمەلگادا بە ماركسیست دەناسرینەوە .
من لیرەدا مەبەستم نیە لیكۆلینەوە یان ناساندنی ماركسیسم و كارە پر بایەخەكانی مارس بكەم ، لینین لە ووتاری( سێ سەرچاوەو سێ بەشە پیكهینەرەكەی ماركسیسم) دا بە چروپری هەموو ئەوانەی باس كردووە. مەبەستی من لەم ووتارە باسكردنی میژووی هەلكشان و داچوونی سوشیالیزم و ماركسیزمە لە كوردستان و سەر ئەنجام هەول ئەدەم بەپی لیدانەوەی خۆم ئاسویەكی نوێ بخەمە بەردەم ئەم بزووتنەوەیە .كە دیارە ئەم كارەی من دەكریت وەك چەند سەرە قەلەمێك و هەولیكی سەرەتایی تەماشا بكریت و لە گەل هەولی هاوریانیكی تردا گەلالەیەكی پوختی لی بیتە بەرهەم.
پرسیار ئەمەیە كە ئیمە نەوەیەك لەو مرۆڤانەی هەولی زۆرماندا لە پیناو عەدالەتی كۆمەلایەتی و سۆشیالیزم و كۆمۆنیزمدا دا بۆچی ئەمرۆ لە كوردستان لە پەراویزی كۆمەلگادایین ،لە گەل خۆشمان( ماركسیزم و سۆشیالیزم)یشمان بردە كەناری كۆمەلگاوە؟ ئەمە لەكاتیكدایە كە بزووتنەوەی چەپ بەگشتی لەمیژووی خۆیدا هیچ كات دەورانی وای بە خۆوە نەبینیووە لە هەلومەرجی گونجاو بۆ كاركردن بە شیوەی ئاشكرا ، هەروەها لە باری ئابوریشەوە كوردستان گەشەی زیاتری سەرمایەداری و زیاتر قوتبی بوونەوەی كەلینی چینایەتی بە خۆوە دەبینیت .

بەگشتی ئەگەر ئاور لە میژووی رابردووی چەپ و ماركسیزم لە كوردستان بدەینەوە ، دەبینین كە لە سەرەتای سەرهەلدانی ئەم بزووتنەوەیە تا ئەمرۆ بە سێ قۆناغی جیاوازدا تێ پەریوە و لە هەر قۆناغەشدا یەكیك لە تەوژمە فكریە چەپەكان بالی بەسەر دا كیشاوە.
سەرەتای سەرهەلدانی ئەم بزووتنەوەیە ئەو كاتە دەست پێ دەكات كە هەولی فراوان بوونەوەی هەژموونی یەكیتی سۆڤیەت دەگاتە عیراق و ناوچەكە و كۆمۆنیزمی سۆڤیتی وەك رەوتیكی فكری مەقبولیەتی خۆی لای ژمارەیەك لە رۆشنفكرانی عیراقی پەیدا دەكات كە خۆیان لە بزووتنەوەیەكی بەرفراوانتری كۆمەلایەتی دا ( بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی) هەلسوراو دەبن .

ئەم مۆدیلە لە سوشیالیزم توانی لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگران بۆ خۆی پەیدا بکات سەرئەنجام حیزبیکی سیاسی ( حیزبی شیوعی عیراقی) دروست بکات. هۆکاری گەشەی ئەم رەوتە فکریە دەگەریتەوە بۆ ئەوەی کە عیراق لەو کاتەدا لە ژیر داگیرکاری و ئینتدابی بەریتانی دا دەبیت و بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەرفراوانی دژی ئیمپریالیستی لە ئارادا دەبیت و ئەوەی کە خودی کۆمۆنیزمی سۆڤێتیش بنەماکەی بۆ بەهیز کردنی بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی و دەرپەراندنی داگیرکاری و هەژموونی دەولەتە ئیمپرالیستە رۆژئاوای یەکان و گەشە پیدانی هەژموونی سیاسی و ئابوری سۆڤیت بوو لەم ناوچەیە دا، دیارە ئەم رەوەتە فکریە تەنها لە عیراقدا لە گەشەکردندا نەبوو ، بەلکو تەواوی وولاتانی ناوچەکەو دراوسی عیراق بە هەمان شیوە هەولی لەم چەشنە و لە هەمان کاتدا لە ئارادا بوو. سەرەتای بزووتنەوەی چەپیش لە کوردستان بۆ ئەم سەرەتایەی بزووتنەوەی چەپ لە سەرانسەری عیراق دەگەریتەوە و بەشیك بوون لیی ی و لەژیر هەمان کاریگەریدا بوون.و تەنانەت جییابوونەوەو هەولی پیکهینانی ریکخراوەو حیزبی سیاسی چەپ لە و کاتەدا لە کوردستان سەرەتاکەی لەو هەولەگشتی یە دەست پیَ دەکات و دواتر بەرەو بزووتنەوەیەکی قەومی دەخزیَ و لە باوەشی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردا دەگیرسیتەوە نمونەی حیزبی هیوا . بەلام سەرەرای ئەمەش رەوتی فکری سوشیالیزمی سۆڤیتی لە کوردستان کە حیزبی شیوعی عیراقی نوینەرایەتی و رابەری ئەکات بە توانایی خۆی دەمینیتەوە و تا سەرەتای سالانی هەفتای سەدەی رابردوو. ئەگەر چی ئەم چەپە لە بزووتنەوەیەکی دژی ئیمپریالیستی یەوە سەری هەلدابوو ، بەلام پشتیوانی کردنی ئەم چەپەو حیزبە سیاسی یەکەی( حیزبی شیوعی عیراقی) لە خەباتی کریکاران و جوتیاران و باقی چینە چەوساوەکان و هەولی ئەم حیزبە بۆ ریکخراو کردنیان لە ژیر چەتری حیزب و سەندیکاو نەقابەو کۆمەلەکانیاندا توانی ئەم حیزبە بگۆریت بە بەهیزترین و پرنفوزترین هیزو حیزبی سەر گۆرەپانی سیاسی عیراق و کوردستان .هەر بەم پیَ یەش مارکسیزم بکات بە بزووتنەوەیەکی موعتەبەر و خۆشەویستی کۆمەلایەتی بە جۆریك نەك تەنها لە شارەکان بەلکو لە دورترین کویرە دیَ ی کوردستان جوتیاران رەسمی مارکس و لنین وەك رابەری خویان لەسەر دیواری مالەکانیان هەلبواسن.ئەگەر ئەمرۆ هەر مارکسیستیك پەنجە بۆ کاریکی پۆزەتیڤی ئەو مۆدیل و بزووتنەوەیەی چەپ راکیشیت و بە باشە هەلسەنگینیت دیت باس لەکارکرنی حیزبی شیوعی دەکات لە ناو کریکاران و زەحمەتکیشاندا . هەر کەسیکیش کە پیشتر لە گەل ئەو حیزبە کاری کردووە و یان ئیستا لەتەمەنی پیری دا هیشتا هەر دلی بەو حیزبە خۆشە، شانازی یەك کە بۆ خۆی بەرەوا بزانیت بۆ ئەو دەورەی حیزبی شیوعی دەگەریتەوە ، نەك بۆ هەلسورانی ئەو حیزبە لە بزووتنەوەی دژی ئیمپریالیستی دا. ئیستاش حیزبی شیوعی نانی ئەو هەلسورانەو کارە باشانەی دەخوات کە لەناو بزووتنەوەی کریکاری و خەلکی زەحمەتکیشدا ئەنجامی داوە. کیشەی ئەم حیزب و مۆدیلەی چەپ و مارکسیستی لەوەوە نەبوو کە فکرو بۆچوونیکی مستوردی لە دەرەوە هیناوە کە توانایی سەوزبوونی لەناو جەماوەری عیراق و کوردستان نەبیت ، وەك زۆربەی نەیارانی مارکسیزم سۆشیالیزم باسی دەکەن ، بەلکو کیشەکەی لەوەدایە کە بنەمایی سەرەکی دروست کردن و توجهی سەرەکی حیزبە سیاسی یەکەی بۆ تقویەت کردنی نفوزی سیاسی و ئابوری یەکیتی سۆڤیت بووە لە بەرامبەر نەیارەکانی لە وولاتانی رۆژئاوا ، ئەم بەهیز کردنەی سۆڤیتیش زۆربەی کات لەکەنالی بزووتنەوە ناسیونالیستی و قەوەمی یەکانەوە چۆتە پیشەوەو ، ئەم خزمەتکاری یەی سۆڤیتیش لەلایەن حیزبی شیوعی یەوە گوراوە بە تەسلیم تەلەبی و نوشتانەوە لە بەرامبەر بزووتنەوە قەومی یەکان و بەهیز کردنی ئەوان و لاوازکردنی خۆ ، بەمەش بزووتنەوەی کریکاری و جەماوەری خەلکی زەحمەتکیشی لە بزووتنەوەیەکی بەهیزی کۆمەلایەتی کە لە سالانی پەنجایی سەدەی رابردوودا دەیتوانی مۆری خۆی لە داهاتووی دەسەلاتدارەتی عیراق بدات و ئالوگۆری گەورە بە قازانجی ئەوان پیك بهینیت وورده وورده گۆری بە بزووتنەوەیەکی لاوازوو سەرەنجام کەنار کەوتوو.

قۆناغی دووەمی بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان لە کۆتایی سالانی شەست و سەرەتای هەفتاکان دەست پی دەکات سەرهەلدانی ئەم مۆدیلەش لەگەل بەرفراوان بوونی نفوزی فکری ماویزم لە ناو میللەتانی ژیر دەستی دنیا و لەوانەش لە ناو رۆشنفکرانی شاری و قوتابیانی زانکۆکانی کوردستاندا سەرهەلدەدا .پیگەی سەرەکی سەرهەلدانی ئەم مۆدیلەی چەپ لە ناوەخنی بزوتنەوەی قەومی و بە رەخنە گرتن لە مۆدیلی باوی بزووتنەوەی کوردایەتی پێ دەنیتە ساحەی سیاسی کوردستانەوە . ئەم مۆدیلە هەر لەسەرەتاوە بێ هەلویستی و دوورە پەریزی خۆی لە خەباتی کریکاری نیشان دەدات و خۆی بەتەنها لە بۆتەی مەسەلەی میلی دا دەبینیتەوە . بەوپی ماویزم لە چین بو گەشەکردنی خۆی پشتی بە هیزی جوتیاران بەست ، ئەم چەپەی کوردستانیش کە خۆی بە بەشیك لە رەوتی فکری ماویزم ناو دەبرد خۆی لە( کۆمەلەی رەنجدەرانی کوردستان) ریکخراو کرد زوو سەنگەری خۆی لە لادێ کانی کوردستان بینیەوە ، کە ئەمە بۆ خۆی پیشتریش بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی و میلی کوردستان باوبوو.بە تیکشکاندن و ئاشبەتالی حیزبەسەرەکی یەکەی بزووتنەوەی کوردایەتی (پارتی دیموکراتی کوردستان) فرسەتیکی زیرین دەست ئەم چەپەکەوت کە خۆی وەك بەدیلیکی نوێی بزووتنەوەی میلی بناسینیت بەلام لە بەرگی چەپ و ماویزم وەك مۆدیلیکی باوی مارکسیزم .

ئەگەر حیزبی شیوعی هەر هیچ نەبیت مارکسیزمی بردە ناو کریکاران و مارکسیزم لە دەورانی ئەودا بوو بە بزووتنەوەیەکی موعتەبەری کۆمەلگاو رەوتی پیشکەوتن خوازی لە کۆمەلگادا گەشەی کرد ، بە جۆریك زۆر مەلای دینی مزگەوت نویژکردنیان وازلی هێنا و بوون بە شیوعی بەلام لە دەورانی ئەماندا چەپایەتی یەکەیان بە جۆریك هینایە خوارێ کە مامۆستاو دکتۆر و خویندکاریکی تازە دەرچوو زانکۆکان خۆیان بە ناوی مەلا و شیخ و فەقی ناو بنین .بەشیك بوون لە پەرەپیدەری فەرهەنگی دواکوتوو و ژن کوشتن بە بیانوی ناموسی ، کوشتنی بەلیشاوی ژنان دوای راپەرین و ئامادەکردنی لیستی ژن کوشتن میراتی ئەم چەپە بوو بەراستی ئەم بزووتنەوەیە هەموو شتیك بوو بەس چەپ و مارکسیست نەبوو

بەلام سەرەرای ئەمەش وەك دەلێن خۆشیمان بیت و ترشیمان بیت وە بزووتنەوەیەکی چەپ و مارکسیستی ناسرا و گەشەی کردوو هەژموونی خۆی بەسەر گۆرەپانی سیاسی کوردستاندا سەپاند . توانی تا کۆتای سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو دریژە بەتەمەنی خۆی بدات دواتر بەتەواوی لە ناو بزووتنەوە ئەسلەکەی خویدا (بزووتنەوەی کوردایەتی) بەیەکجاری بتویتەوەو ئەو بەرگە چەپی یە لەبەر خۆی فرێ بدات.

دەورەو قۆناغی سی یەمی بزوتنەوەی چەپ لە کوردستان لە کۆتای سالانی هەشتاکان دەست پی دەکات ، بەشیك لە چەپی کوردستان کە لە تێکشکانی ماویزم و مۆدیلی کۆمەلەی رەنجدەران لەگیژاویکی فکریدا دەبن و بەشوێن ئەلتەرناتیڤیکدا دەگەرین لەگەل پەرەگرتنی باسەکانی مارکسیزمی شۆرشگیر لە ئیران کە هاوکات لەم دەورەیەدا دەبیت، ئەمانیش دەکەونە ژێر کارکردی یەوە و ئەم مۆدیلەش بە زووی لەناو تویژی خوینکاری و زانکۆ و کۆلیژەکاندا گەشە دەکات ، بی بەدیلی چەپ لەکوردستان و تیکشکانی بزووتنەوەی کوردایەتی و ناسیونالیزمی کورد فرسەتی زیاتر دەداتە دەست ئەم مۆدیلە نوێ یە بۆ گەشەکردن ، تایبەتمەندی تازەی ئەم مۆدیلە نوێ یە خۆ جیاکردنەوەی یەتی لە ناسیونالیزم و تەواوی سوونەتە ناسیونالیستەکان و نەفرەتکرن لێ ی.خۆ گریدانەوە بوو بەتەنها بە بزووتنەوەی کریکاری یەوە . ئەم چەپە نوێ یە سەرەتا تەنها وەك رەوتیکی فکری هاتە گۆرەپانی سیاسی کوردستانەوە . ئەگەر چی ئەم چەپە خاوەنی ریکخرا و حیزبیکی سیاسی منسجم نەبوو وە هیزەکانی دابەش ببون بەسەر ریکخرا و کۆرو کۆمەلی بچوك دا ،بەلام راپەرینی ئازاری 1991 ئەم چەپەی بە تەواوی بە کۆمەلگای کوردستان ناساند و بەتایبەت دەرکەوتن لە بزووتنەوەی شوراکاندا وخستنە رووی بە دیلیکی تر بوو بۆ دەسەلاتدارەتی ، ئەم بەدیلە نوێ یە ی چەپ خستیە بەردەم کۆمەلگا ئەگەر چی زور کرچ و کال و سەرەتایش بوو ،بەلام

تیروانینی تەقلیدیانەی خەلکی کوردستانی لە خەباتکردن بەتەنها لە چوارچیوەی بزووتنەوەی کوردایەتی دا گۆری .لەگەل دەست پێ کردنی باسەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری و جیابونەوە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و پیکهینانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران بەشی زۆر و سەرەکی ئەم چەپەش بەو باسانە وە پەیوەست بوون و خۆیان وەك بەشیك لەو پیناسەکرد، سەرئەنجام لەژیر رێنوینی و فشاری رابەرایەتی کۆمۆنیزمی کریکاری لە ئیران خودی منسور حکمت وەك رابەری کۆمۆنیزمی کریکاری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقی پیکهینا.ئەم مۆدیلە نوێ یەی چەپ بەخیرایەکی زۆرەوە پێ ی نایە مەیدانی سیاسی کوردستانەوە بوو بە بزووتنەوەیەکی سیاسی نەیار لە بەرامبەر بزوتنەوەی باوی ناسیونالیزمی کورد. ئەمە لە کاتیکدا بوو ، کە تەوژمی باو لە دنیا و بەهۆی تیکشاندنی یەکیتی سۆڤیەت و ئەوروپای رۆژهەلات بەتەواوی بە پیچەوانەی ئەمەبوو ، وەك منسور حکمت دەیوت (ئیمە بە پیچەوانەی ئاراستەی شەپۆلەکان دەرۆین) بەراستی هەروابوون ، لە سەرانسەری دنیا مارکسیزم و سۆشیالیزم لەژیر مەنگەنەی فکری و سیاسی سەرمایەداری سەرکەوتووی بازاری ئازاددا بوو ، مارکسیزمیان کردبووە گالتەجاری دەزگا تەبلیغاتی یە زەبەلاحەکان و وەك دایناسۆر و نمونەی دیکتاتۆری بە کۆمەلگای ئینسانیان دەناساند، حیزبە کۆمونیستی یەکان یەك لەدوای یەك هەلدەوەشانەوە و زۆر کۆمۆنیست تۆبەیان لە رابردووی خۆیان کرد . ئەم شەپۆلە پێچەوانە هیجگار بچوکە لە بەرامبەر شەپۆلیکی هیجگار هیجگار گەورەی جیهانی دا ، گەورەترین خالی پرشنگداری ئەم چەپە نوێ یەیە ، کە هەلسورینەرانی دەتوانن بۆ هەمیشە فەخری پیوە بکەن .
بەلام تینەگەیشتنی ئەم چەپە لە میکانیزمەکانی خەباتی چینایەتی و کۆمەلایەتی و تیگەیشتنیکی روکەشی و چەپگەرا و هەرزەکارانە لێ ی ، پشت نەبەستن بە هیزی ریکخراوی کریکاران و زوحمەتکیشان ، لە جیاتی ئەمە پیادەکردنی تیزی مغامەرەی سیاسی و حساب نەکردن و لا مبالاتی بۆ زۆر مەسەلەی سیاسی و کۆمەلایەتی بەتاییەت وەلام نەدانەوە بە مەسەلەی میلی و ستەمی میلی سەر خەلکی کورستان .نەزانینی کارکردن و هەلسوران لە دەورەیەکدا کە ئەحزابی میلی و عەشیرەتی زۆر کونەپەرست دەسەلاتیان بەزەبری لولەی تفەنگەکانیان بەسەر خەلکی دا سەپاندبوو. سەرئەنجام ئەم چەپەی توشی قەیران و داخوران و پەراوێزبوون کرد.

ئەمەی سەرەوە کورتەکی میژووی بزووتنەوەی چەپ بوو لە کوردستان ، دیارە لە هەر قۆناغیکدا رەوتی فکری تری چەپ هەبوون لە ناو بزووتنەوەکەدا ، بەلام من لیرەدا باسم لەو رەوت و بزووتنەوانە کردووە کە کەم تا زۆر کارکردیان لەسەر کۆمەلگا هەبووە و لە بەرچاو بوون لە گۆرەپانی سیاسی دا .

دیارە ئەگەر بەسەرپێ یش ئاورێك لەو رابردووە بدەینەوە ، دەبینین کە روهینان بۆ سۆشیالیزم و مارکسیزم مەیلیکی بەهیزی ناو بزووتنەوەی کریکاری و جەماوەری زەحمەتکیشی کوردستان بووە لە قۆناغە جیاوازەکاندا ، هەر ئەم مەیلە بەهیزە چینایەتیەش بووە بە هوی گەشەی هەریەك لەو مۆدێلە سیاسیانەی چەپ لەکوردستان .
خالیك کە پیویستە ئاماژەی پێ بکریت ئەوەیە کە;سەرەرای ئەوەی لەهەموو قوناغەکانی خەباتی سۆشیالیستی دا بابەتی دەرەکی کارکردی جدی هەبووە لەسەر شکست و گەشەی بزووتنەوەکەی ، بەلام هەیشە توخمی پیشرەو و رابەر و حیزبی هوشیار توانیویەتی کارکردی دیاردە خراپەکان کەم بکاتەوە و لە دیاردە باشەکانیش سود وەر بگریت . بەلام بەداخەوە فاکتەری ناوخۆی بزووتنەوەی چەپ ، لە ئاستی ئەم پیشرەوی یەدا نە بووە و بەلکو بەشیك بووە لە قورس کردنی .
ئەمرۆ وەختیك دەمانەویت جاریکی تر بزووتنەوەی سۆشیالیستی لەو قەیرانەی تێ ی کەوتووە دەربهینین و بیکەینە بزووتنەوەیەکی بەهیزوو مەیداناداری سیاسی و کۆمەلایەتی ، روبەروی کۆمەلە کاریك دەبینەوە ، بەلام لە خالی سفرەوە دەست

پی ناکەین ، میژوویەك لە تاقی کردنەوەو هەلچوون و داچوون و وانەمان لە بەردەست دایە، کە بەبەدەستەوەگرتنی لە دنیای ئەمرۆدا و لە هەل ومەرجی ئەمرۆی کوردستان دا و دەست خستنە سەر خالە لاوازەکان ، دەتوانین بەرنامەیەکی باشی لێ بهینینە دەرەوە بۆسەر لەنوێ گەشەکردنەوەی سۆشیالیزم و مارکسیزم کردنی بە بزووتنەوەیەکی مەیداندار.

بەلای منەوە ئەوەی گرنگە خۆدەربازکرنە لە پاشماوەیەك ، لە عەقلیەتیك کە هەمیشە زیانی بەم بزووتنەوەیە گەیاندوە ، لەوانە عەقلیەتی جامد و دوگم و دەست نەبرن بۆ هەر کاریك بەبێ گەرانەوە بۆ ئەرسەدۆکسی مارکسیزم ،تەماشاکردنی ئەو میراتە لە تیئۆری مارکسیستی کە توانای دەست کاری کردنی نەبیت ، ئەم عەقلیەتە فەقیرە و بێ ئاگایە لەو میژووە و ئاگادار نی یە لەوەی کەخودی ئەو رابەرانەی چینی کریکار لە دریژەی خەباتیاندا چەندین ئالوگۆریان لەسەرنج و تیروانیتەکانیان کردووە . بچوکترین نموونە خویندنەوەی پیشەکی یەکانی هەر جارەی مانیفیستە ، ئەم عەقلیەتە توانای فکری چەپ بۆ رووداو و پیشهاتەکان محدود کردوە و گیانیکی چەپرەوی و نەبینینی واقعیەتی ئەمرۆی لایان دروست کردوە .ئەم عەقلیەتە ئەوە نابینیت ئەمرۆ سەرمایەداری و توانایەکانی بۆ پاریزگاری کردن لە رژیمەکەی سەد بەرابەر لە زەمانی مارکس و شۆرشی ئۆکتۆبەر زیاترەو توانایی زیاتر بەدەست سەرمایەداری یەوەیە بۆ لە خوارەوە راگرتنی ئاستی هۆشیاری و ریکخراو بوونی کریکاران و زەحمەتکیشان، لەبەرامبەریشدا چینی کریکار لەوپەری پەرژوبلاوی و نا ریکخراوی دا یە.
هەلگری ئەم عەقلیەتە دنیا تەنها بەرەنگی رەش و سپی دەبینیت ، رەنگە جیاوازەکانی تر نابینیت کە دەکریت مارکسیستیکی واقع بین بەقازانجی قورسکردنی تای تەرازوی خەباتی چینایەتی هەلسوراوبیت تیایدا و رابەرایەتی بکات ، لە روانگەی ئەمەوە مادام لەباری ئابوری یەوە زەمینە لەبارە بۆ دامەزراندنی سوشیالیزم ، ئیتر جگە لە ئیرادەی ریکخراوەکەی ئەو و دەرکردنی بەیانامەی ( نابیت، دەبیت، مەحکومی ئەکەین و ...هتد) هیچی تر پیویست ناکات . هەر بۆیە لە باری پراکتیکی یەوە خەریکی مانۆر لیدانی بێ ئەرزش و مغامەرەی سیاسی یە و دەگوریت بە میزەلدانیکی فو تیکراو لە دەروونی خۆیدا ، زۆر زوو توندو تیژی خەباتی چینایەتی فشی دەکاتەوە و دەیگۆریت بە سیمایەکی هەرزەکارو نامەسئول لە کۆمەلگاداو شەخسیەتەکانیشی دەبن بە داهۆل ،و هیچ کەسیکیش لە کۆمەلگا ئامادە نابیت ریشی خۆی بداتە دەستیان ، بەگشتی بەدیهینانی سۆشیالیزم لەروانگە و کاری ئەمانەوە دەبیت بە خەیال و کۆمەلگا بە خەیال پلاو تەماشایان دەکات ، بەلام سۆشیالیزمی خەیالی ئەمان بە پیچەوانەی ئەوەی مارکس رەخنەی لێ گرت ، بە ناوی خودی مارکسیزم و کۆمۆنیزمەوە رەواجی پێ دەدریت . هەر بۆیە لەگەل ئەوەی خۆی جیگایەکی بۆ نامینیتەوە لە کۆمەلگاداو دەکەویتە پەراویزەوە ، لەگەل خۆیدا مارکسیزم و کۆمۆنیزمیش پاشەکشە پی دەکات.
ئەم عەقلیەتە سیمای باو و زالی دە دوانزە سالی رابردووی بزووتنەوەی چەپ و مارکسی بووە لە کوردستان و زۆرترین توانای چەپی لەگەل خۆیدا بە هەدەر داوە . کۆمۆنیزمی کریکاری وەك زۆرترین هیزی ریکخراوی چەپ سەر مەشقی ئەم عەقلیەتە بووە.ئیستاش لە هەمان ئاست و بواردا خەریکی سەول لیدانە. ریکخراوە و رەوتە فیکری یەکانی تریش بە پلەی جۆراو جۆر لەم بازنەیەدا سوراونەتەوە.

عەقلیەتیکی تری ناو بزووتنەوەی چەپ ،لە رەخنە گرتن لە چەپرەوی و مغامەرە چێتی ، ئەوەی کە پاش دەیان سال لە هەلسوران ئاراستەی رووبەخوار زیاتر دەبیت لە گەشەکردن ،پەرژوبلاوی زیاتر دەبیت لە ریکخراو بوون ، هیرش بو سەر دەستکەوتەکان دەکریت وەك لە زیاد کردنی . دەگۆرین بە هیزیکی دەستەمۆ ، خۆ بەدەستەو دان و تەسلیم تەلەبی وخۆ گونجاندن ، بە بچوك سەیر کردنی خۆ لە بەردەم هیزە رەشەکان و دیاردەو رووداوەکان.

ئەگەرچی قورسای ئەمان بەقەدەر ئەوەی یەکەم نەبووە ، بەلام ئەمانیش بۆ خۆیان دەوریان بینیوە بینیوە لە تەریك کەوتنەوەی چەپ لە کۆمەلگادا .

<u>چەند سەرخەتیك</u> بۆ سەر لەنوێ گەشە سەندنەوەی سۆشیالیزم لە کوردستان :

1-کوکردنەوە و ریکخراوکردنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و مارکسیستی کوردستان لە ژێر هێلێکی سیاسی هاوبەشدا ، دیارە کاریکی لەم جۆرە هەروا ئاسان ناگاتە ئەنجام ، ئەمرۆ بزووتنەوەی چەپ دەرگیری زۆرترین پەرژو بلاوی یە ، هۆکاری ئەم پەرژوبلاوی یە دۆگم بوون و خۆبەستنەوەی کویرانەیە بە یەك دەزگای فکری و یەك نەزەری سیاسی هاوبەشەوە ، ئەمە بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی چەپی کردووە بە گرووپی مەزهەبی و مەحفەلی سیاسی . مەرجی ئەندام بوون لەم جۆرە ریکخراوانەدا دەگۆریت بە پیادەکردنی مەزهەبیانەی فکر ، و رابەریش تیایدا دەچیتە مەرتەبەی ئەمیر و لە جیاتی کاری بە ئامانجی ریکخراوەیی ، توانایی ئەفسوناوی و کاری کۆنتەراتی فەردەکان جیگای دەگریتەوە.سەرئەنجام قودسیەتی ریکخراو دەچیتە سەروو بەرژەوەندی گشتی چینی کریکارو سۆشیالیزمەوە. هەولدانی هۆشیارانە بۆ تیکشکاندنی ئەم بۆچوونە و سەرنج راکیشانی بزووتنەوەی سۆشیالیستی بۆ بەرژەوەندی گشتی بزووتنەوەکە لە ریگای کۆکردنەوەی سەرجەم هیزەکانی بزوتنەوەی سۆشیالیستی لە ژێر خەتیکی سیاسی هاوبەش( <u>نەك مەیل نەزەری هاوبەش</u>) و حیزبیکی هاوبەشدا ، مۆدیلی ئەم حیزبە تازەیە زیاتر بەرەیی دەبیت وەك لە تەقلیدی رابردووی پیکهینانی حیزبی یەك مەیل و یەك نەزەر. یەکێتی سۆشیالیستەکان تەنها بە مۆدیلیکی لەم چەشنە بەئەنجام دەگات . مۆدیلی یەك مەیلی و یەك نەزەری تاقیکرایەوەو ئەنجامەکەشی ئەوەتا لە بەرچاوی هەموان.

2- هینانە ئارای تیروانینیکی هاوچەرخانە بۆ بزووتنەوەی سۆشیالیستی و مارکسیستی ، مارکسیزم ئەگەر زانستی رزگاری مرۆڤایەتی یە لە زولم و زۆر و چەوسانەوەی سەرمایەداری ، ئەمرۆ ناکریت بە هەمان توانایی یەك کە لەسەردەمی مارکس و لینین دا بۆ رووبەروو بوونەوەی سەرمایەداری هەبوو ئەمرۆش ئیمە پیادەی هەمان شت بکەین ، ئیمرۆ سەرمایەداری لەباری توانایی یەکانی سەدان جار گەشەی کردووەو توانای خۆبەرهەمهینانەوەی هەیە.مارکسیزمیش پێویستە بەهەمان توانا گەشە بکات . چەکی ئەم سەردەمەی پی بێت بۆ ئەم روبەروبوونەوەیە . لینین بە گەشەپیکردنی تا ئەوکاتەی مارکسیزم توانی سۆشیالیزم بکاتە بزووتنەوەیەکی بەهیزی جیهانی و دەسەلات بە دەستەوە بگریت. مارکسیزم پیویستی بە پیداچوونەوە نی یە ، بەلکو پیویستی بە گەشەپیدانیتی .

لەگەل سەرهەلدانی نەزمی نوێ ی جیهانی و هەولی سەرمایەداری ئەمریکا بۆ بردنی زۆرترین بەش لە ئابوری و بازاری جیهانی دەورەیەکی پەلهاویشتن و شەرەنگیزی لە سەرتاسەری جیهان دەستی پێ کرد . رووی سیاسی هیرشی سەرمایەداری ئەمریکی و نەیارە ئەوروپییەکانیشی ، بەگەرخستنی پروپاگەندەی دیموکراسی و مافی مرۆڤە ، ئەم رووە سیاسیە دیموکراسیە بەداخەوە لە بوونی دەولەتان و حکومەتی سەرکوتگەرو دیکتاتۆری ولە نەبوونی بزووتنەوەیەکی مەیدانداری سۆشیالیستی گۆراوە بە چاوەروانی خەلك بۆ هیزە دەرەکی یەکان بۆ ئالوگۆر و کردنەوەی دەروازەیەك بۆ ئازادی و رزگاربوون لە چەوسانەوەی موتلەق.لە ئاوها هەل و مەرجیکدا فرسەت دەرەخسێت بۆ هیزە ناسیونالیستی یەکان و بزوتنەو کۆنەپەرستەکان تاکو بە خۆ گونجاندن لەگەل ئەم هەل و مەرجە و بە خزمەتکاری بۆ سەرمایەداری ئەمریکی جیگایەك بۆ خۆی پەیدا بکات و بەرفراوانی بکات . بەلام ئەمە بەمانای ئەوە نی یە کە ئیتر دنیا تاریکە و لە نیوان رەنگی رەش و سپی رەنگی تر نیە . ئیمرۆ لە دنیا

بەرووی ملهوری سەرمایەداری جیهانی بزووتنەوەیەکی جیهانیش سەری دەرهیناوە و خۆی دەنوێنێ هەروەك مارکس باسی لەوە دەکرد کە بۆ زیاتر کەلەکەی سەرمایە و قازانجی زیاتر سەرمایەداری پەل بۆ هەموو شوینیکی جیهان دەنێ و لەگەل خۆیشیدا زەمینەی خەباتی کریکاران بەدژی سەرمایەداری جیهانی دەکاتەوەو زەمینەی دروستکرنی ئەنتەرناسیونالیزم فەراهەم دەبێت. ئەم دەورەیە هەمان شتە ئامانجی سەرمایەداری نەگوراوە ئەمرۆ بەرگی گلۆبالیزمی لە بەرە . مارکسیزمیش لەم گلۆبالیزمەدا دەتوانیت بگەریتەوە مەیدان و مەیداندارییت و جەنگی چینایەتی کریکاران و زەحمەتکیشان رابەری بکات . ناسینی ئەمە و بوون بە بەشیك لێ ی ئەرکیکی جدی و پر بایەخی مارکسیستەکانی کوردستانە.

دیارە کاری رۆتینی سۆشیالیستی رابەری کردن و ریکخراوکردنی کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستانە لە پیناو بە دەستهینانی خواست و دواکاری یە رۆژانەکانیان و تا دەگات بە دامەزراندنی سۆشیالیزم لەکوردستان. بەلام لە هەردەورەیەکدا مارکسیستەکان کۆمەلە ئەرکیکی ساتەوەختی یان لە بەردەمدایە کە دەبیت راوەستاوانە لە ئەستۆی گرن و رابەری بکەن ،ئەو مەیدانانە بناسنەوە کە دەبیت مەیداندارو رابەر بن تیایدا. ئەو مەیدانانە بۆ خۆشیان ئەلقەیەك دەبن لە بەهیز کردنی بزووتنەوەی سوشالیستی رووەو بەدیهینانی سۆشیالیزم. ئەو مەیدانانە دەکریت ئەمانەی خوارەوە بەشیك بن لێ ی:

أ- لە ناو خۆی کوردستاندا مارکسیستەکان دەبیت لە ئاستی رابەری لابردنی ستەمی میلی دا دەرکەون و بەرنامەی دروست و گونجاویان هەبیت بۆ ئەم کارە ، ستەمی میلی سەر خەلکی کوردستان زۆرترین زەرەرمەند و قوربانی یەکانی کریکاران و زەحمەتکێشان بوون چ لە لایەن ناسیونالیزمی سەردەست و چ لەلایەن ناسیونالیزمی کوردەوە. باشترین و دروست ترین ریگا چارەسەر جیابوونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆیە ، تەنانەت ئەگەر دەولەتیکی مەدەنی و سیکولاریش لە عیراق بێتە سەرکار ( ئەگەرچی ئاسۆیەکی لە چەشنە لە دوورماوەشدا نابینیرت) ، هێشتا جیابوونەوە دروست ترین ریگایە بەهۆی برینیکی قوول کە لەماوەی ژیردەستەیی خەلکی کورد بە دەستی حکومەتە سەرکوتگەرە یەك لەدوا یەکەکانی عیراقی بە دەستی یەوە توشی بووە. ئەمە بەجیا لە قازانجیك کە بۆ کریکاران و زەحمەتکیشانی کوردستان دەگەریتەوە لە رووی لەرووی چینایەتیشەوە بە قازانج بۆ کریکارانی عیراق تەواو دەبیت . وەحدەی عیراق نەك یەکیتی چینایەتی کریکارانی نە پاراستوە بەلکو قەلشتەکەی زیاتر کردووە و رۆحیەتی ناسیونالیستی زیاتربووە لە ناویاندا.

ب- دەرکەوتن لە بواری ماف و ئازادی یە فەردی و سیاسی یەکان ، پیدانی مەفهومیکی ئینسانی تر لەوەی بۆرژوازی بەناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤەوە ئیدیعای دەکات . پیشەنگ بوون لە بزووتنەوەکانی ژنان ، مندالان، گەنجان ، قوتابیان، وهتد...

دیارە دەکریت ئەم خالانە زیاد بکریت رۆشنتر پەنجەی بخرێتە سەر .

ئەوەی من لیرەدا نووسیومە هەولیکی سەرەتایی یە ، هاورێ یانیکی بەدەربەست بۆ پاشەرۆژی بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان دەتوانن بە پەرەپیدان و رەخنەگرتن لێ ی ئەم باسە دەولەمەند بکەن ، سەرئەنجام ببیتە ریچکەیەك بۆ درووست کردنی ئەو مۆدیلە لە حیزبی مارکسیستی کە جیگای باس و تیروانینی من و زۆریك لە مارکسیستەکانی کوردستانە.